تورکیا بڕڕن دەدات بەم نزیکانە پێکەکە لە عێراق لێناو ببات

هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، دوای سوریا، دەستیان بەتاڵ دەبێت بە بونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە عێراق و داواشیکرد، حکومەتی عێراق بیاری ژیرانە لەوبارەیەوە بدەن.

هاکان فیدان لە میانی چاوپێکەوتنێکیدا تەلەفزیۆنییدا کەموتێع بدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند، "ڕێەوکی عێراق لەدوای سوریاوە هەیە سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، هیوادارین ئەوانیش بەهەش خیان بنەوە".

وتیشی، "دوای تەواوبون و لەناوبردنی باڵی سوریای پەکەکە، باڵی عێراقی پەکەکەش هەیە، هیوادارین حکومەتی عێراقیش سود لە لە ئەزمونی سوریا وەربگرێت و بیارکی ژیرانەتر بدەن".

ئەوەشیخستەڕو، "عێراق خاوەن دەوڵەتکی سەروەریە و دەبێت هەژمونی بەسەر تەواوی خاکی خیدا هەبێت، بەڵام پێدەچێت حکومەتی عێراق لەئێستادا حساباتی ناوخیی دیکەی هەبێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ناتوانرێت ڕگە بە بردەوامبونی پێکەکە بتایبەت لە شنگالدا بدرێت،

دانپەدانانی عەراق بە کەشێکی پڕکێشە زەرجار لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردودا قسە بوە، بەڵام گفتوگۆکان لە بەغدا لە سەردەمی محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عەراق جددیتر بون".

هاکان فیدان وتیشی، "ئارگومێنتی ئەمە هەمیشە ئەمە بوە: پێکەکە ڕێکخراوەکە کە دژی تورکیا دامەزراوە، بەڵام هیچ خاکێک لەناو تورکیادا داگیرناکات، لە عەراق بەپێچەوانەوە زۆییەکی بەرفراوانی کۆنترۆڵکردوە".

وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت، "عەراق خاوەنی توانایەکی گەورەیە بە هوبەڵوبونەوەی پێکەکە، ناوچەی شنگال لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی گەمارەدراوە و دەتوانرێت لەوبارەیەوە هاوکاری هێزەکانی تورکیا بن".
هاکان فیدان ڕونیکردەوە، "نزیکەی 20 کیبونەوەی لەگەڵ فالح فەیاز، فەرماندەی گشتی هێزەکانی حەشدی شەعبی کردوە کە تایبەت بوە لەوەی هەماهەنگی بکەن بە هەرشی سەر شەنگال، پێشنیازێکە بریتی بوە لە پشتڕاویکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەسەر زەوی لەکاتێکدا ئەمە ئەپڕاسیۆنی ئاسمانی ئەنجامدەدین، ئەوە دو یان سێ ڕۆژی دەوێت؛ ئەوە ئەپڕاسیۆنێکی سەربازی زۆر سادەیە".